


**شێروان بێ دڵ**

**_ گڕی یادەکانم _** ** << هۆنراوەی گۆرانی>>:

**نازانم بۆ دڵ ڕەش بوی**
**بۆچی ناکەی سەردانم ؟**
**لە پرچی بۆنداری تۆ**
**دێ بۆنی نیشتیمانم**
**بێ گڕ ئەوا ئەسووتێ**
**شاعیری دوورە وولآت**
**مرۆڤ باشترە بمرێ**
**نەوەك بژی بێ ئاوات**
**بەڵێ چاووم لەتۆیە**
**قیبلەی من خاکی تۆیە**
**ئەوەی کە دەربەدەر بێت**
**ژیانیشی درۆیە**
**کوا لە کوێ یە ئەو شاخەی ؟**
**کە دەمبڕی ڕۆژ و شەو**
**شەوی زستان درێژ بوو**
**خۆش بوو قاسپە قاسپی کەو**
**شمشاڵی کورە شوان**
**دەنگی ئەزرنگایەوە**
**بیری وا بۆ دۆشین چوو**
**ئەوا مەڕ گەڕایەوە**
**شەوی لادێ چەند خۆش بوو**

**دڵم دەگەشایەوە**
**ئێستا لەشارێ دەژیم**
**سەرم دەخوا تەنیایی**
**وادەی ژینم بەسەرچوو**
**ناخۆشە ماڵ ئاوایی**
**نازانم بۆ دڵ ڕەش بوی**
**بۆچی ناکەی سەردانم ؟**
**لە پرچی بۆنداری تۆ**
**دێ بۆنی نیشتیمانم**

**تێبینی : ئەو هۆنراوەیەم بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە و لە پەڕتوکە چاپکراوەکەم دا نیە و هەموو ئەو بەرهەمانەی لە (((کوردستان نێتا))) بڵاوی ئەکەمەوە بەرهەمی نوێ و بڵاو نەکراوەن .**